# بۆ د. کەمال سەیدقادرلەهەر کوێ یەک بێ!

*دووتیپی سەرباز هێندەی دوو نووسەر من ناترسێنن، ئەمە قسە و دانپیانانی یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی دەسەلات، ناپلیۆن پۆناپارتە!*



هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.
بەندی 3 جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ
هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجەوسزا نادرێت و ڕەفتاری توند و تیژو درندانەو ئاوڕووبەری لەگەل ناکرێت. .
بەندی 5 جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ
هەر کەسێک لە هەر شوێنێک بێت، مافی دانپێدانانی کەسایەتی قانوونی هەیە.
بەندی 6جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ
هیچ مرۆڤێک نابێت بەشێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت، دەست بەسەر بکرێت، یان دووربخرێتەوە. بەندی 9جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ

سەرکەش / ئوپسالا a_sarkash@hotmail.com

**دەسەلات تۆی خودانی هێز و توانای سەربازی، خاوەنی زیندان و جەزرەبەخانە، تۆ کە دەتوانێ لەشکری بێشوماری سەرباز، پۆلیس، سیخوڕ، جەللاد، نۆکەر، جۆکەر، زورناژەن، دۆلەنگیو، دمبگچی بکڕێ.**

**دەکارێی شاعیر ونووسەری دەربار بە پول و پارەڕاگرێ.**

**بۆ ئەوەندە ترسنۆکی نووزەی کپکراوی دەنگە یاخییە (نا) گۆکان شپرزەت دەکا، جولەی ساکاری کەسە نارازیەکان دەتشلەژێنێ، سووکە هەناسەی سروود وسامفۆنیای ئازادی زراوت دەبا، ووشەو پەیڤی ئازادگۆ و سەرفراز، بیر و ڕای جوداواز وپێچەوانە، ژانگرتووت دەکا، تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی ڕام و دەستەمۆ نەبووی ڕیالیستی ڕاستییەکان ئۆقرەو ئارامت لەبەردەبڕێ!**

**دەسەلات !!**

**هێزو توانای دۆزەخی تۆ، دەستە ڕەشە چەپەل و گلاوەکانی تۆ غاندی، بێکەس، گۆران، بێشکچی، لەیلا زانا، ماندێلای زیندانی کرد.**

**پیلانی مێشکە بۆگەنەکەی تۆ داگ هاممەرشخۆلد،عەبدولخالیق مەعروف، ئۆلۆف پالمە، گیڤارا، ڕەئوف کامل، قاسملو، شەرەفکەندی، ڕێناس، بەکر عەلی، ڕێباز، ترۆتسکی، دلشاد مەریوانی، قادرکابان، محەمەد حەللاق،قابیل، شاهینی تیرۆر و ڕەشە کوژ کرد.**

**دەسەلات !!**

**تۆ هەڕەشەی مەرگ وفەتوای کوشتنت بۆ گالیلۆ، سەلمان ڕوشدی، ڕێبوار ئەحمەد، ئۆجەلان، شێرکۆ بێکەس، جەلال سادق عەزم، ناسک ئەحمەد دەرکرد.**

**دەسەلات !!**

**تۆی تاوانبار کارل مارکس، جەلادەت بەدرخان، یەلماز گۆنات ڕاوەدوو دەنا شارەو شار وولاتە و وولات.**

**تۆ تۆی دواکەوتوو دەرگای ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و پەخشە تەلەفزیۆنییەکانت مۆر دەکرد.**

**دەسەلات !!**

**تۆی حەزلەخۆ، ئەمرۆلە کوردستان د. فەرهاد پیربال، عەبدوللا حەدداد، فەتتاح زاخۆیی لەسەرکار دەردەکەی، د. کەمال سەیید قادر دەفرێنی وشونبزردەکەی، چونکە دەست لەسەرسینگ وەک کۆیلەکرنووش نابەن، قسەیی خۆیان هەس، دەنگ و ڕەنگ وکەسایەتی خۆیان هەیە و نابنە سێبەری بووتەکانت.**

**بەنەفرەت بی دەسەلات**

**تۆ حەربا ئاسا ڕەنگت دەگۆڕێ، شەرم ناتگرێ لەگەل هەموو دزێوی ودلڕەشییەک، لەگەل هەموو پێشێلکارییەکی ئاشکراو دانەپۆشراویشتا بانگەشەی دیموکراسی، ئازادی بیر و ڕا، مافی مرۆڤ، کۆمەلگای سیکۆلار دەکەی.**

**05-11-2005 شەممە**